# قەڵادزێ لە نێوان ناسۆری دوێنێ و ئەمرۆدا، هەردووك هەر جەرگبڕ!

**عبدالله مەحمود**
abdulla.mahmud@gmail.com

32 بەهار بەر لەئەمساڵ، قەڵادزی نوقمی بۆمب و باروت کرا، لە ماوەی کەمتر لە چەند دەقیقەیەکدا، بەسەدان کەس لە خوێندکارانی زانکۆ و خەڵکی بێتاوان خەڵتانی خوێن کران و بەسەدانی تریش برینداربوون و چەند گەرەکێکیش بەتەواوەتی لەگەڵ زەویدا تەختبوون. ڕۆژی ئەم بۆمبارانەم وەکو ئێستا لە بیرە، ئێستاش سیمای خامۆشی ئەو بەیانیەم لەبیرە کە شاری داگرتبوو، ئاخر ڕۆشن بوو کە مەرگێك بەسەر سەری شارەوەیە، هەربۆیە لە قوتابخانە پێیان ووتین بڕۆنەوە بۆماڵ، چونکە تەیارە دێت، من و هاوڕێیەکم بەیەکەوە بەپەلە بەرەو ماڵ بووینەوە، ماڵمان چەند سەد مەترێك لە قوتابخانەکەو شوێنی بۆمبارانەکە دوور بوو، بەچەند دەقیقەیەك دوای گەیشتنەوەمان بۆ ماڵ من لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم خەریکی یاری کردن بووم، وەکو ئێستا بیرمە لە یاریەکەدا لەگەڵ هاوڕێکەم من سەرکەوتم، و لەترسی لەدەست نەدانی سەرکەوتنەکەم پێم ووت، من ئیتر یاری ناکەم، ووتی بۆچی؟ ووتم چونکە ئەمرۆ تەیارە دێت، ووتی باشە بەڵام هەندێکی تر یاری ئەکەین ئەوکاتە ئەڕۆینەوە، ڕێك لەو قسەوباسەدا بووین، کە دەنگی بۆمب و تەیارە تێکەڵی یەك بوون و ئێمەش بەناو دەنگی ترسناکی مەرگ بارکردوودا ڕامان کردە ماڵی بەرامبەر کە وەکوو جولانە دەجولایەوە و شوشەی پەنجەرەکانی ئەکەوتنە سەرزەوری و دەرگاکانی تەکانیان دەخوارد، و دیوارەکانی درزیان تێدەبوو، بەڵی وەکو ئێستا لە بیرمە جگە لەئێمە دەیان کەسی تر ناو ماڵەکە خزابونە ژورێکی بچکۆلەوەو ڕەنگ هەڵبزرکاو وبێدەسەڵات دەگریان و زریکەیان تێکەڵی دەنگی بۆمب و تەیارە مەرگچێنەکان دەبوو، دوای نەمانی دەنگ بەترسەوە خەڵك لەماڵەکانیان هاتنەدەرەوەو بەرەو شوێنی خوێنەکە بەڕێکەوتن، کەچەند سەد مەتریك لەو لای ئێمەوە بوو، دیارە ئێمەی منالی ئەوکات زاتی ئەوەمان نەبوو لە ماڵ دوربکەوینەوە، بەڵام هەواڵی کوژرانی قوباد، و کوڕکەی مام هۆمەرو، ڕۆشتنی بێسەری ئەحمەد مریەم و، کوژرانی هەموو خێزانی ئەحمەدی حاجی سابیرو دەیان وسەدان کەسی تر لەخەڵکی ئەم شارەو خوێندکارانی زانکۆ، گەورەتر لە دوکەڵی بڵاوەبووی بومبەکان و بەرینتر و گەورەتر لەدەنگی ناپاڵم و فرۆکەکان بەناوشاری زامداردا بڵاوبوونەوە.

لەساڵیادی ئەم کارەساتەشدا، و بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیانی ئەم کارەساتەو شەرمەزارکردنی ئەم دڕندایەتیەی بەعس، لە ساڵی 1982 خۆپیشاندانی خەڵکی قەڵادزی، بەگوللە وەڵامدرایەوەو سنەوبەر مەحمود و دایکە ئامینە، گیانیان لەدەستداو چەندین کەس زامداربوون و بەدەیان کەسیش ڕەوانەی زیندانەکان کران.

لەساڵی 1989 شدا، جاریکی تر قەڵادزێ ی بریندار، نوقمی دڕندەیی و هەوسارپچڕاوی بەعس کرا، بەزورەملێ خەڵکەکەی ڕاپێچی ئۆردوگا زۆرەملییەکانی خەبات، دارەتوو، کەوەرگۆس، بازیان....کران و شاریش بەدینامێت و شوفڵ لەگەڵ زەویدا تەختکراو ئاسەوارێك بۆ ژیانکردنی هیچ زیندەوەرێك نەهێڵرایەوە.

قەڵادزێ ی هەمیشە قوربانی، ئەم سێ ڕوداوە تیایدا بە بەرجەستەیی دڕندەیی بەعس و پەیامی قەومپەرستی، نیشانی دنیادا، بەڵام دنیا بێدەنگ و خامۆش بوو، قارەمانەکانی کۆشکی سپی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و .....نەك هەر بێدەنگ بوون، بەڵکە بەهەمووتوانایانەوە پشتیوانیان لە بەعس دەکردو لاشەی لەخوێن هەڵکێشراو بێسەر، شاری لەگەڵ زەویدا یەکسانکراو، لەبەرامبەر چاوچنۆکی و بەرژەوەندخوازی ئەم جەنابانەدا جێگایەکی نەبوو، بۆیە بەبێدەنگی خەڵك کوشتار کراو شار کرا بە کەلاوەو سەربڕدرا.

هەرسی ئەم ڕوداوەی سەرەوە، یان باشتر بڵێم بوونە قوربانی ئەم چەندجارەی قەڵادزی، وەکو هەموو کارەساتەکانی تری شاروشارۆچکەکانی کوردستان، بە ئەنفال و کیمیابارانکردنیشەوە، ڕاستەوخۆ بەرهەمی ململانێ ی نێوان بەعس و بزوتنەوەی قەوپەرستی کورد بوو.

ساڵی 1994 یش دیسان قەڵادزێ بووە نیشانەو قوربانی، چەخماغەدان و کڵپەسەندی شەڕی هەردوو هێزی میلیشیای یەکێتی و پارتی، دیسان قەڵادزێ بووە قوربانی یەکەمی، بەڵام ئەمجارەیان قەڵادزێ بووە قوربانی ململانێی نێوان یەکێتی و پارتی، بەجیا لەهەموو ئەمانەش شەڕی هەشت ساڵەی عێراق_ ئێران، ڕۆژنەبوو گیانی چەن کەس هەڵنەلوشێت و نەبنە خۆراکی بەردەم تۆپە و ڕاجیمە،.......تاد.

بەڵی قەڵادزێ بەدرێژایی مێژووی نیوسەدەی ڕابردوو،هەر قوربانی بووە، قوربانی نێوان بەعس و بزووتنەوەی قەومپەرستی کورد، قوربانی نێوان ململانێ ی یەکێتی و پارتی، قوربانی شەڕی کۆنەپەرستانەی عێراق و ئێران.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت ئەم شارە بەئەندازەی ئەوەی کە کراوەتە قوربانی و پردەبازی سات وسەودای بەعس و بزوتنەوەی قەومی کورد، شەڕی دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی، شەری عیراق و ئیران....هاوکات بەحەق شاری ڕەتکردنەوەی زوڵم و بێماف بووە، شاری خەبات و تێکوشان و خرۆشانی وەکو مانگرتن و خۆپیشاندان، سەرقافڵەی بزوتنەوەی جەماوەری ....... بووە، خۆپیشاندانی بەهاری 1982 کوردستان چەخماغەکەی ئەم شارە بوو، خۆپیشاندانی ساڵی 1991 لە ئۆردوگای خەباتەوە دەستی پێکردو یەکەم قوربانیش بەختیاری ئەحمەد بوو، بەڵی ئەم شارە شاری "نا ووتن" بووە بەرامبەر بە ناحەقی و بێماف.

لە ساڵی 1991 وە دەسەڵاتی بەعس لەکوردستان وەدەرنرا، لەوکاتەوە زوربەی خەڵکی دەستەدەستەو ساڵ لەدوای ساڵ بەرەو قەڵادزێ ودیهاتە وێرانکراوەکانی دەوربەری گەڕانەوەو ئێستا چ شاری قەڵادزێ و چ دیهاتەکان ئاوەدانکراونەتەوەو چەندسەدهەزار کەس لەوناوچەیەدا ئەژین کە پێی دەوترێت پشدەر.

لەوکاتەشەوە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بەتایبەتیش دەسەڵاتی یەکێتی، لەوناوچەیە باڵادەستە. لەساڵی 1991 وە یەکێتی بەڵێن و وادە بەم شارە ئەدات، بەڵێنی خزمەت و بیناکردنەوە، بەڵێنی سەدان و هەزاران پرۆژە، بەڵێنی جوانتر دروستکردنەوەی شار، بەڵێنی وەفاداری بەخەڵکی قوربانی دراوی ئەم شارە، بەڵێنی پێشکەوتن و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و زانستی....تاد، کەچی نەك ئەم وادەو بەڵێنانە نەبراونەتە سەر، بەڵکە لەداهاتێك کە ڕێکخراوەی جۆراوجۆری نێودەوڵەتی و ئینساندۆستیش داویانەتە ئەم دەسەڵاتە بۆئاوەدانکردنەوە، بەشی هەرزۆری دزراوەو لەلایەن چاوچنۆکەکانی دەسەڵاتەوە، تاڵانکراوە، لەبڕی داهاتی 986 کە داهاتێکی خەیاڵی بوو، نەك دەکرا قەڵادزێ وەکو پێشو بەڵکە دەکرا

زۆر جوانتر لەپێشوو بەشێوەیەکی ئەندازیاری و بەنەخشەوە بینابکرێتەوە، بەڵام لەجێگای ئەمە ئەو پارەیەش لوشدراو چووە گیرفانی بێبنی یەکێتی و پارتی یەوە، سەیر ئەوەیە ئەو چەند پرۆژە کەمەی کە لە 15 ساڵدا دروستکران جگە لەوەی دوای تەواوبوون پێویستیان بە دووبارە تەعمیرکردنەوەهەیە، و کۆن بوون، کەچی ئەمە وەکو فەزڵ بەخەڵکی قەڵادزێ دەفرۆشنەوەو هەموو ڕۆژێك ئەمانە ئەدەنەوە بەچاوی خەڵکی قوربانی و تێکۆشەری ئەم شارەدا.

ئێستا قەڵادزێ نەك لە شار ناچێت و هیچ سیمایەکی شارستانی پێوە نیە، بەڵکە زۆرتر لە کابولی کاولکراوی دەستی جەنگی میلیشیاکانیان ئەفغانستان دەچێت، ئێستاش بۆنی باروت و خوێن، بۆنی دینامیت و مەرگ، بەهەموو جەستەی ئەم شارەوە وەبەجەستەی خەڵکی دڵسۆزو دەستەنگەوە، بەڕۆشنی دیارە.

خەڵکی قەڵادزێ وەکو باقی خەڵکی کوردستان، دڵپڕلەڕقن بەرامبەر بەو دزی و تاڵانی، بەرامبەر بەگەندەڵی و بێماق، بەرامبەر بەودەسەلاتەی باسی دیموکراتی وماڤ مرۆڤەکەیان گوێچکەی خەڵکی کەردەکات و کەچی ڕێگە لەخۆپیشاندانیان دەگرن و لەهەرشوێنێکیش خەڵك داوای نان و ئاو، داوای ژیانی باشتر، بکات دەرکرن لەکارو نانبڕین، زیندان و چاوسورکردنەوە وەبەگوللە بارانکردن.....وەڵامی ئەدەنەوە.

خەڵکی ستەمدەیدەو قوربانکراوی قەڵادزێ، وەخەڵکی تێکۆشەری ئەم شارە، دەبێت لەساڵیادی کارەساتی 24/4/ 1974دا، بەڕۆشنی ئەوە بەدەسەلات ڕابگەیەنن، کە دڵپرلەناسۆرن، ڕابگەیەنن کە چیتر قبوڵ ناکەن کارەسات و مەینەتیەکانتان وەکو سەرمایەی سیاسی و سەرچاوەی کۆکردنەوەی سەروەت، بەدەستەوەبگرن، ڕابگەیەنن، کە نایانەوی تەنها لەیادەکاندا بێن وادەوبەڵێنی درۆمان پێبدەن و خۆتان وەکو خاوەنی قوربانیەکانمان هەڵبخەن، دەبێ ئەوخاوەنداریێتی یە کەدەسەلات بە باڵای خۆی بڕیوەو بەناحەق پاوانی کردووە، لێان وەربگرینەوە، وەدەبێ یەخەیانبگرین، لەسەر ئەوهەموو سەروەت وسامانەی بەشێوەی مافیایی کۆیانکردۆتەوە، وەدەبێ پێیان بوترێت، کوا ئاوەدانی کوا خزمەت، کوا ئەوداهاتەی بۆ ئاوەدانکردنەوە لەدنیا وەرتان گرت، کوا ئەو ئەپارەخەیاڵیەی کە لەداهاتی 986 وەرتان گرت، کوا ئەو بەشەداهاتە بێسنورەی ئێستا لەژێر ناوی بیناکردنەوەی کوردستان لە بەغدا وەری دەگرن، وە پێیان بڵێن کوا ئەو ئازادی یە سیاسی و فەردی و ماڤ مرۆڤەی هەموو ڕۆژێك رادیو وتەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان و ختابەکان پێدەڕازێننەوە، کوا سەدان و هەزاران پێویستی لەچەشنی ڕێگاوبانی شارستانی، ئاوو کارەباوسوتەمەنی، مەڵبەندەکانی سەرگەرمی لاوان، و سەنتەرە زانستیەکان، پارك و باخچەی ساوایان، هۆڵەکانی مۆسیقاو شانۆ، و مەیدانی یاریە جۆراوجۆرەکان، کارو خزمەتی بەساڵاچوان و مناڵان و سیماکانی شارستانی و جوانی.......تاد. بەدیهێنانی ئەم خواستە زۆر سادەو سەرەتایانە، بەبێ خەبات و هاتنەمەیدان، فەراهەم نابن، یادی 24/4 ئەمساڵ دەبێت ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئەم پەیامە بێت بەدەسەلات و ڕۆژی نیشاندنی ئیرادەی یەکگرتوو بێت. وەڕابگەیەنن کە ناسۆری دوێنمان سەختە بەڵام هی ئێستامان کەمتر نیە.

2006/4/24